# با هەبێ (1)... "با هەبێ"ش هەبێ

*سەنگەر زراری*
sangarzrary@gmail.com

جا بۆ نەبێ؟! خۆ لەم ولاتە هەموو شتێك هەیە، دەبا ئەمەش هەبێ، بۆ هەژاران خواردنی ئێکسپایەر هەیە و بۆ دەولەمەندانیش هی تایبەت، بایەعی بۆ خەلکی هەیە، بەلام شیرەکەی مشکی تێدایە و دەبێ بە ناچاریش بیخۆن، بۆ دەولەمەند و بەرپرسەکانیش خواردنی تایبەت هەیە و بێزیان نایەت خواردنی بایەع بخۆن، بۆ دەولەمەند و بەرپرسەکان ئاخیر مۆدێل ئۆتۆمبێل هەیە و بۆ هەژارانیش پاس و ئۆتۆمبێلی خراپ، بۆ هەندێك بەنزینی سوپەر هەیە و بۆ خەلکی ئاسایی و بێدەسەلاتیش بەنزینێك هەیە کە بە سەیارە رادەبوێری، بۆ خەلکی ئاسایی بێکارەبایی زۆرە و بۆ بەرپرس و دەولەمەندانیش کارەبای فوول، بۆ خەلکی بێدەسەلات ئاوی پیس و کۆلێرا هەیە و بۆ پیاوە گەورەکانیش ئاوە حەیاتەکەی "حەیات"ی تورکی.
زۆر شت هەن و "با هەبێ"ش هەبێ.
لەگەل هاوکارانم بە وشەی "باهەبێ"مان گرتووە، دەشێ ئەم "با هەبێ"یەش "هەبێ"یەکی دیکەی سەر هەموو ئەو شتانە بێت کە لەم ولاتە هەن، هەر شتێك ببینین دەلێین "با هەبێ".
رۆژانە زۆر شت دەبینین کە پێویست نییە هەبن، کەچی هەن، زۆر شتیش پێویستە هەبن و نین، خۆ ئەگەر مرۆ کونجێك، هەناسەیەك، دەرفەتێکی بچووکی نەبێ قسانی تێدا بکات و لە پەنا دیوارێکیش بێت نەلێ ئەمە بۆ هەیە و ئەمە بۆ نییە، دلی دەتەقێ، جارانیش نییە کە ناخۆشییەکان بە ئاسایی وەرگرین و بلێین لە هەموو شوێنێکی دنیا هەر وایە، حالی هیچ شوێنێك لە هی ئێمە باشتر نییە، ئەم سەتەلایتە نەگبەت و ئینتەرنێتە بەدفرانە، وایان لێکردووین کە هەست بە چێژ و خۆشی ولاتەکەی خۆمان نەکەین، هەرچی شوێنی خۆش و ژیانی خۆش و خواردنی خۆش لە دنیا هەیە نیشانمانی دەدەن، بەمەش خەلکی ئێمە کەوتوونەتە پرتەوبۆلە و هەر دەلێن بۆچی ولاتی ئێمە وەکو هی ئەوان خۆش نییە، نازانم بۆ ئەم خەلکە سەیری ئەو کەنالانە ناکەن کە ولاتە پر شەڕوشۆڕەکان نیشان دەدەن، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێ دلدانەوەیەك بێ بۆخۆیان و بەمەش ولاتی خۆیان خۆشبووێت.
تۆ سەیرکە کەنالەکانی خۆشمان فێری خەلەتاندنی خەلك بوونە، هەمیشە ئەو کوردانە نیشان دەدەن کە لە هەندەران خۆشترین ژیان بەسەر دەبەن، کەچی نەسیحەتی گەنجان دەکەن کە نەیەن بۆ دەرەوە، بە پێچەوانەشەوە هەر وایە، برادەرێك کە لە دەرەوە گەڕابووەوە، دەیگوت: کاتێ لە کەنالە کوردییەکان سەیری کوردستانم دەکرد، وام دەزانی بۆتە بەهەشت، کەچی کە گەڕامەوە بینیم بەردەم مالمان ئێستاش زێرابێکی گەورەی لێیە و دەبێ ئاوی پیس بخۆینەوە.
بە هەر حال لەناو ئەو هەموو شتانەی کە هەن گۆشەی "با هەبێ"ش هەبێ، بۆ ئەوەی دلمان نەتەقێ و ئەو شتانەی دەیانبینین دوو قسەیان لەسەر بکەین، ئێوەش ئەگەر بە باشتان زانی بیخوێننەوە و ئەگەرناش هیچ!!!

– سەرنج: (با هەبێ) گۆشەیەکە لەمەودوا لە هەفتەنامەی "بەدرخان" بلاو دەبێتەوە.